سەرۆک ڕەشید جەخت لە گرنگیی بەهێزکردنی پێوەندییەکانی نێوان عێراق و بریتانیا دەکاتەوە

لەتیف جەمال ڕەشید، سەرۆک کۆمار، ئەمڕۆ سەشەممە جەختی لە گرنگیی بەهێزکردنی پێوەندییەکانی هاوبەشی نێوان عێراق و شانشینی یەکگرتوو (بریتانیا) کردەوە، بەجۆرێک کە خزمەت بە بەرژەوەندییە باڵاکانی هەردوو وڵاتی دەست بکات.

لە ڕاگەیەندراوێکی سەرۆکایەتی کۆماردا کە دەست ئاژانسی هەواڵی موتەبەع کەوتووە، هاتووە: "سەرۆک کۆمار لە بەغداد پێشوازی کرد لە باڵیۆزی شانشینی یەکگرتوو لە عێراق 'عرفان سدیق' و بەڕێوەبەری جێبەجێکار لە نووسینگەی کۆمنەڵس و گەشەپێدانی دەرەوە لە وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا 'هەلینا فیکە لازانە'".

ڕاگەیەندراوەکە ئاماژەی بۆش کردووە: "لە میانی دیدارەکەدا، باس لە پێوەندییە دووقۆڵییەکانی نێوان هەردوو وڵات و ڕەگاکانی پەرەپێدانیان لە بوارە جیاجیاکاندا کرا، جگە لە ئاوگۆڕکردنی بیروڕا سەبارەت بە ژمارەیەک پرسی هەرەمی و نێودەوڵەتی جێی بایەخی هەردوولا".

بەپێی ڕاگەیەندراوەکە ، سەرۆک کۆمار جەختی لە "گرنگیی چەسپاندنی پێوەندییەکانی هاوبەشی نێوان عێراق و شانشینی یەکگرتوو" کردووەتەوە.

لە لایەن خێیەوە، "باڵیۆز عرفان سدیق پێزانینی وڵاتەکەی بە ئاستی هاوکارییە دووقۆڵییەکان دەربڕی و

ستایشی ئەو [illegible]ی کرد کە هێزە سیاسییەکان دەیگەن لە پشتگیریکردنی سەقامگیری و بەهێزکردنی گفتوگۆ و لێکتێگەیشتن".